سێ هاوڵاتی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن هێزێکی سەر بە تورکیا ڕفێنران

ئەمڕۆ پێنجشەممە 18ـی تەمموزی 2024، میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاویانکردەوە، لە 12ـی ئەم مانگە دوو گەنج لە گوندی خەلالکا لەلایەن تورکیا ڕفێنراون و بەهۆی دوای وەرگرتنی بڕە پارە لە خێزانەکانیان لەبەرامبەر ئازادکران و ئەوارەی دوێنێ دووبارە ڕفێندرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتییەکی تریش کە تەمەنی 40 ساڵە لەلایەن هێزەکانی سەر بە تورکیاوە ڕفێنراوەو تا ئێستا بە سەروشوێنە.

بەکوەرەی ئەو زانیارییانەی میدیاکان باسی لێوەدەکەن، سەلاح ڕەشید کەربلوی تەمەن 20 ساڵە و مەحەممەد خەلیل حاج قەنبەری تەمەن 24 ساڵە لە گوندی خەلالکا لە ناوچەی بلبل لەسنووری عەفرین و مەحەممەد حەسەن سیدەی تەمەن 40 ساڵان لە شاری موباتای سەر بە کانتۆنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە ڕفێنراون، تا ئێستاش هەکاری ڕفاندنیان نەزانراوە.